## بەش: زمانی ئینگلیزی / ئێواران

**کۆلێژ. پەروەردەی بنەڕەتی**

**زانکۆی سەلاحەددین**

**بابەت:  کوردناسی**

**پەرتووکی کۆرس:   کۆرسی یەکەم**

**ناوی مامۆستا : بریار خلیل حسین\ ماستەر**

**ساڵی خوێندن: ٢٠٢٣\٢٠٢٤-کۆرسی یەکەم**

## پەرتووکی کۆرس
## Course Book

| | |
|---|---|
| ١. ناوی کۆرس | کوردناسی |
| ٢. ناوی مامۆستای بەر پرس | بریار خلیل حسین |
| ٣. بەش/ کۆلێژ | کوردی<br>کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی |
| | |
| ٤. پەیوەندی | ئیمێل<br>bryar.husein@su.edu.krd<br>تەلەفۆن: ٠٧٥٠٧٦١٠٣٠٨ |
| ٥. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک | نموونە تیۆری: ٣ کاتژمێر |
| ٦. ژمارەی کارکردن<br>کاتی بینینی قوتابییان<br>- سێشەممە ٤:٠٠ –٥:٠٠<br>- چوارشەممە ٤:٠٠, ٦:٠٠ | ئامادەبوونی مامۆستای وانەبێژ بۆ قوتابیان لە ماوەی هەفتەیەکدا ٣کاتژمێر |
| ٧. کۆدی کۆرس | |
| ٨. پرۆفایەلی مامۆستا | لەدایکبووی ١٩٩٠ |

| | |
|---|---|
| | ساڵی وەرگیران لە کۆلێژ (٢٠٠٩-٢٠١٠) لە زانکۆی سەلاحەددین/ کۆلێژی پەروەردەی بنەڕەتی/ بەشی زمانی کوردی.<br><br>لەساڵی (٢٠١٣-٢٠١٤) وەرگرتنی بڕوانامەی بەکالۆریۆس بە پلەی دووەم لەسەر ئاستی بەش.<br><br>لە ساڵی ٢٠١٦، لەسەنتەری زمانی زانکۆی سەلاحەددین بەشداری کۆرسی زمانی ئینگلیزی کردووە.<br><br>بڕوانامە لە خولی کۆمیوتەر بۆ ماوەی یەک مانگ.<br><br>لە ساڵی (٢٠١٩-٢٠٢٠) : دەستکردن بە خوێندنی ماستەر. لە ٢٠٢٢وەرگرتنی بڕوانامەی ماستەر لە ئەدەبی کوردیدا دوای نووسینی نامەی ماستەر بە ناونیشانی (سیمۆلۆژیای ناسناوی شاعیرانی کورد، بە نموونەی چەند شاعیرێکی کلاسیک).<br><br>بەشداربوو لە خولی شیاندنی وتنەوەی بابەتی پەروەردەی پیشەنگکاریی بۆ ماوەی یەک مانگ لە ساڵی ٢٠٢٣<br><br>لە ٢٠٢٣/٩/٦ دەست بەکاربوون وەک بەرپرسی یەکەی تۆماری بەیانیان لە کۆلێژ و بەردەوامبوون تا ئێستا.<br><br>وتنەوەی وانەی پەروەردەی پیشـەنگکاریی لە بەشـی زمانی کوردی بۆ ساڵی خوێندنی (٢٠٢٣-٢٠٢٤). |
| ٩. وشە سەرەکییەکان | کورد، کوردناسی، ڕۆژهەڵاتناسی، مێژووی کورد، جوگرافیای کوردستان، ئەدەبی کوردی، زمانی کوردی. |

١٠. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:

لەم کۆرسەدا قوتابی ئاشنا دەکرێت بە بنەڕەتی بابەتی کوردناسی کە خۆی لە چوار بابەتی سەرەکی دەبینێتەوە ئەوانیش: (مێژووی کورد، جوگرافیای کوردستان، زمانی کوردی، ئەدەبی کوردی، لە ڕێگای باسکردنی بابەتەکە بەشێوەیەکی تیۆری ورد و پاشان هێنانەوەی نموونەی پێویست لە ڕۆژهەڵاتناسەکان و کوردناسە موسڵمان و ڕۆژئاواییەکان پاشان ڕوونکردنەوەی ورد و گرنگیدان بە بەشدارییپێکردنی ڕۆژانەی قوتابیان وبەمەش قوتابی فێری ناسینەوە و ئاشنایەتی بە بابەتی کوردناسی و مێژوو و جوگرافیای کوردستان، هاوکات بە زمان و ئەدەبی کوردیش دەبێت، هەروەها هەوڵی تێگەیشتنی خودی دەدات و پشت بە تواناکانی خۆی دەبەستێت لەو

**سۆنگەوە بۆچوونە کەسییەکانی لە چوارچێوەیەکی زانستی وەردەگیرێت، هەوڵی گوێگرتن و گۆڕینەوەی بۆچوونەکان و فراوانکردنی بیریان دەدەن.**
**بنەمای سەرەکی وانەکە ڕونکردنەوەی کێشە بەشێوەیەکی گشتی و جەختکردنەوە لە هەر چوار بابەتە سەرەکیەکەی کوردناسی دەدات.**
**بەمەبەستی پلان و بەرچاوڕوونی و تێگەیشتنی زیاتر بەگشتی هەر وانەیەک بەمشێوەیە دابەشدەکرێت:**

- **٣ خولەک تۆمارکردنی ڕێژەی نەهاتووان.**
- **٥ خولەک باسکردنەوەی وانەی پێشوو.**
- **٢٨ خولەک باسکردنی بابەتی نوێ و شیکردنەوەیان لەلایەن مامۆستاوە.**
- **٩خولەک پێدانی بوار بۆ هەر پرسیار و ڕوونکردنەوەیەکی پێویست.**

**کۆی گشتی وانەکە: ٤٥ خولەک.**
**لەهەموو بوارێکدا کاری باش و بەرزترین ئاست لە جۆری کاردا دەبێتە هۆی پێشکەوتنی مرۆڤ لەو بوارە، بۆیە فێربوونی شیکردنەوەی کوردناسی هاوشێوەی هەر زانستێکی تر هەلی کارو دەرەخسێنێ بۆ قوتابی چونکە لەتوێژینەوە و کاری چاپەمەنی و پیشەی مامۆستایەتی و گرنگیدان بە کوولتور و شیعر و ئەدەبی کوردی، قوتابی ئەنجامی فێربوون و تێگەیشتنی لەم بوارە بۆ ڕووندەبێتەوە.**

**١١. ئامانجەکانی کۆرس**
لەم کۆرسە ئەکادیمییەدا جەخت دەخرێتە سەر چەند ئامانجێک لەوانە:
ناسین و شارەزابوون بە مێژوو و جوگرافیای کورد و کوردستان بەهەموو جۆرەکانییەوە.
شارەزابوون لە پێکهاتەی کوردستان و زیاتر شارەزابوون لە لایەنی ئەدەب و زمانی کوردی.
ئەو پەیوەندییە توند و تۆڵەی کە لە شیعری کلاسیکی کوردی بە شیعری شاعیرانی نەتەوە جیاوازەکانی (عەرەب، تورک و فارس) دەبەستێتەوە، لەڕێگای دەستنیشانکردنی بنەما هاوبەشەکانیان.
بۆ ناساندنی هەریەک لە بابەتە سەرەکیەکانی کوردناسی، لە بچووکترین پایەوە چەمکی کوردناسییە دەخوێندرێ تا هەموو بابەتە سەرەکیەکانی تایبەت بە مێژوو و ئەدەب و زمانی کوردی بەشێوەیەکی ئەکادیمییانە.
شارەزابوون لە زمان و دیالێکتەکانی زمانی کوردی زانینی جیاوازی نێوان زار و زمان.
دەوڵەمەندکردنی بەهرەی قوتابییانی بەهرەدار بۆ ئەوەی ڕەچاوی بنەما زانستیەکانی شیعر بکەن لە کاتی هەر هەوڵدانێکی خودی بۆ کارکردن لە بواری ئەدەبیدا.
دوای تەواوبوونی بابەتی کوردناسی، قوتابی دەتوانێت توێژینەوە لە شیعری شاعیراندا بکات، بەهۆی ئەو ئەزموونەی کە وەریدەگرێت، یان کارکردن لەسەر مێژووی دێرینی کورد.

**١٢. ئەرکەکانی قوتابی**

چەند ئەکێک لە قوتابی داوا دەکرێت:

- ئامادەبوونی قوتابیان لە وانەکان و لەتاقیکردنەوەکاندا.
- وەک ئەرکی سەرشانیان بە خوێندنەوەی پەرتووکی بەردەستیان و پڕۆگرامی بڕیار لێدراو.
- خوێندنەوەی سەرچاوەی زیاتر
- پابەندبوون
- ڕێزگرتن.
- دروستکردنی بازنەی گفتوگۆ بۆ ئاڵوگۆڕکردنی زانیاریەکان لە نێوان قوتابیاندا.
- دوورکەوتنەوە لە نەهاتن و هەوڵدان بۆ زۆرترین ئامادەبوون.
- تۆمارکردنی تێبینیەکان لای خۆیان
- بەشداریکردن و چالاکی ڕۆژانەی قوتابیان، لەناو پۆل
- هێنانەوە و شیکردنەوەی نموونەی زیاتر، کە پەیوەست بێت بە بابەت و ئامانجی وانەکە.
- ئەنجامدانی سمینار و پێشکەشکردنی ڕاپۆرت لەسەر بابەتەکە یان نزیک لە بابەتەکە.

**١٣. ڕێگەی وانە ووتنەوە**

وانەی کۆرسەکە پشت بە هۆکاری جیاواز دەبەستێت لە پرۆسەی فێرکردندا لەوانە:

بەکارهێنانی پاوەرپۆینت و سلاید بەشێوەیەکی بەرچاو.

بەکارهێنانی وایەرلێس پریزێنتەر بۆ کارئاسانی گەڕانەوە بۆ سەرسلایدی دواتر یان پێشوو، لە هەر شوێنکی ناو پۆل بێت.

بەکارهێنانی تەختە سپی بۆ شیکردنەوەی نموونەی زیاتر، یاخود نووسینی تێبینی.

بەکارهێنانی ڕەنگی جیاوازی مارکەر، بۆ بەرچاوڕوونی زیاتر.

کارکردنی بە گروپی قوتابییان، بەمەبەستی ئاڵوگۆرکردنی بۆچوونەکان.

پێشەکەشکردنی سمیناری تایبەت بە بابەتەکانی وەک(مێژووی کورد، جوگرافیای کوردستان، زمان و ئەدەبی کوردی.

دروستکردنی ڕاپۆڕت.

**١٤. سیستەمی هەڵسەنگاندن**

قوتابییان لەسەر ئەم بنەمایانە هەڵدەسەنگێنرێن:

-بەشداریکردنی ڕۆژانە (٥ نمرە)

-تاقیکردنەوەی یەکەم (٣٠ نمرە)

-کویز یان ئامادەکردن و پێشکەشکردنی سمینار (٥ نمرە)

-کۆی گشتی ٤٠ نمرە.

- تاقیکردنەوەی کۆتایی ٦٠ نمرە.

## ١٥. دەرئەنجامەکانی فێربوون

بەهۆی ئەم زانستەوە قوتابی شارەزای بابەتەی کوردناسی دەبێت و زانیاری دروست لەبارەی (مێژووی کورد، جوگرافیای کوردستان، زمان و ئەدەبی کوردی) وەردەگرێت.
زانین و بایەخدان بە بابەتی کوردناسی بە تایبەتی بۆ ئەو کەسانەی کە خەریکی لێکۆڵینەوە و ساغکردنەوەی بابەتی تایبەت بە ئەدەبی کوردی، چونکە لە ڕێگای کوردناسیەوە دەتوانین شارەزایی ورد و دروست بەدەست بخەین. بەهۆی کوردناسیەوە ئەزموون و شارەزایی تەواو لەبارەی زمانی کوردیەوە بە دەست دەخەین.

## ١٦. لیستی سەرچاوە


١- د. شوکریە رسول، ئەدەبی کوردی هونەرەکانی ئەدەب، مطبعە تعلیم عالی، هەولێر، ١٩٨٤.
٢- د.بکر عومەر علی و شێرکۆ حەمە ئەمین، زار و شێوەزار، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٧.
٢- د.عەبدوڵڵا غەفور، جوگرافیای کوردستان، سلێمانی، دەزگای سەردەم، ٢٠٠٠.
٤- سەلام ناوخۆش و نەریمان خۆشناو، زمانەوانی بەرگەکانی (یەکەم و دووەم و سێیەم)، چاپخانەی منارە، هەولێر، ٢٠٠٩.
٥- صالح قەحتان، مێژووی گەلی کورد لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ، چاپی سێیەم، سلێمانی، ٢٠٠٥.
٦- محمد ئەمین زەکی، خولاصەیەکی تاریخی کورد و کوردستان،
٧- ئەکرەم قەرەداغی، بیبلۆگرافیای کورد و کوردستان، سلێمانی ١٩٩٩.


| ١٧. بابەتەکان | ناوی مامۆستای وانەبێژ |
|---|---|
| **هەفتەی یەکەم: وانەی یەکەم:**<br>خۆ ناساندن و خستنەڕووی ئامانج و هۆی خوێندنی کوردناسی<br>**هەفتەی یەکەم: وانەی دووەم:**<br>مێژووی کورد لە بابەتی کوردناسی<br>مێژووی ڕیشەی نەژادی کورد<br>نەژادی کورد لە دیدی مێژوونووسانی کورد<br>میرنشینە کوردیەکان لەسەردەمی عەباسیەکاندا.<br>**هەفتەی دووەم:**<br>شارستانیەتی کورد لەسەردەمی ئیسلامدا<br>مێژوو نوێ و هاوچەرخی کورد<br>بزاڤی ڕێکخراوەیی کورد لەسەدەی بیستەمدا<br>جینۆساید و جۆرەکانی<br>**هەفتەی سێیەم:**<br>جوگرفیای کوردستان<br>تایبەتمەندی چیاکانی کوردستان<br>سامانی ئاو لە کوردستان<br>سامانی نەوت لە کوردستان<br>**هەفتەی چوارەم:** | **بریار خلیل حسین**<br>**(مامۆستای یاریدەدەر)** |

| | |
|---|---|
| | ئاو و هەوای گوردستانی گەورە<br>ڕەگەزەکانی ئاووهەوا لە کوردستان<br>**هەفتەی پێنجەم:**<br>ئابووری دانیشتوان لە کوردستان<br>چالاکی پیشەسازی لە کوردستانی گەورە<br>چالاکی گەشتوگوزار لە کوردستان<br>**هەفتەی شەشەم:**<br>زمان و جۆرەکانی<br>پێناسەکانی زمان<br>تایبەتمەندیەکانی زمان<br>خێزانە زمانییەکانی جیهان<br>**هەفتەی حەوتەم:**<br>مێژووی زمانی کوردی وقۆناغەکانی<br>دیالێکت و جۆرەکانی<br>زمانی ستاندارد<br>**هەفتەی هەشتەم و نۆیەم**<br>تاقیکردنەوەی نیوەی وەرز (میدتێرم)<br>**هەفتەی دەیەم:**<br>سەرهەڵدانی ئەدەبی کوردی<br>ئەدەبیاتی زاری گۆران<br>ئەدەبیاتی کرمانجی سەروو<br>**هەفتەی یازدەم:**<br>ئەدەبیاتی کرمانجی ناوەڕاست<br>ئەدەبیاتی کرمانجی خواروو<br>پەخشانی کوردی<br>**هەفتەی دوازدەم:**<br>وتار و جۆرەکانی<br>**هەفتەی سێزدەم**<br>پێشکەشکردنی سمیناری قوتابیان<br>**هەفتەی چواردە و پازدە**<br>تاقیکردنەوەی کۆتایی کۆرس. |
| | ١٨. بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت) |
| | **١٩ تاقیکردنەوە**<br>لەبارچاوگرتنی جیاوازی تاکایەتی قوتابیان، لەکاتی داڕشتنی پرسیارەکانی مانگانە و کۆتایی ساڵ، لەم گۆشەیەوە، ئەمانە چەند جۆرێکی پرسیارەکانن: |

| | |
|---|---|
| | ١ دارشتن: هێنانەوەی پرسیار لەشێوەی دارشتن بەتایبەتی ئەو بابەتە تیۆرییانەی کە پێویستیان بە شیکردنەوەو لێکدانەوەیە تاوەکو ئاستی تێگەیشتن و دەربرینی قوتابی بۆ بابەتەکان دەربکەوێ.<br>٢. بژاردەی زۆر: هەڵبژاردنی وەلامی راست لەلایەن قوتابی بۆ ئەو پرسیارانەی ئاراستەی دەکرێت.<br>٣- هێنانەوەی پێناسەی هەربابەتێک و بە سەلماندنی بەنموونەی پێویست.<br>٤- هێنانەوەی پرسیاری دەرخستنی لێکچوون وجیاوازی لەنێوان دوو بابەتدا.<br>٥- ڕاست و چەوت: بەمەرجێک هۆی ڕاستییەکەی دەربخات و چەوتەکانیش ڕاست بکاتەوە.<br>٦-لەبابەتی فراواندا داوادەکرێت جۆرەکان بژمێردرێت و یەکێک لە پایەکان بە وردی باسکرێت. |

**١٩. پرسیارەکان:**

**٢٠. تێبینی تر**

لێرە مامۆستای وانەبێژ دەتوانێت تێبین وکۆمەنتی خۆی بنوسێت بۆ دەوڵەمەندکردنی پەرتووکەکەی.

**٢١. پێداچوونەوەی هاوەڵ**

ئەم کۆرسبووکە دەبێت لەلایەن هاوەڵێکی ئەکادیمیەوە سەیر بکرێت و ناوەڕۆکی بابەتەکانی کۆرسەکە پەسەند بکات و جەند ووشەیەک بنووسێت لەسەر شیاوی ناوەڕۆکی کۆرسەکە و واژووی لەسەر بکات.

هاوەڵ ئەو کەسەیە کە زانیاری هەبێت لەسەر کۆرسەکە و دەبیت پلەی زانستی لە مامۆستا کەمتر نەبێت.